# قۆناغ و شێوازەکانی هاتنەناوەوەی ئیستعمار بۆ ئاسیا

## یەکەم: ئیستعماری بریتانی لە (چین)

بریتانیا بەراورد بە وڵاتانی دیکە، خێراتر هەوڵی بەدەستهێنانی ناوچەی هەژموونی داوە لە (چین)، بۆ گەیشتن بەو ناوچەیەش، چەندین ڕێگە و شێوازی نا مەشروعیان بەکارهێناوە، دوای ئەوەی لە بازرگانیکردن لەگەڵ ئەم وڵاتە، شکستیان هێنا. لەبەرئەوەی ئابووری (چین) لەسەر بنەمای ئاوێتەکردنی کشتوکاڵی تاکە کەس بە پیشەگەری دەستی تاک بونیادنرابوو. بەشێوەیەک خێزانی چینی، یەکەی سەرەکی بوو لە بەرهەم هێنان. زۆربەی پێداویستییەکانی خیزانی چینی، لە ماڵەوە خێزانەکان خۆیان دروستیان دەکرد. هیچ پێویستیان بە کرینی کاڵا و شتومەکی بیانی نەبوو کە لە ئەوروپا بەرهەم دەهات. سەرباری ئەوەی دراوی زیادەیان لە ماڵ نەبوو، بۆ کرینی ئەو کالا و شتومەکانە، چونکە لەژێر باری (باج)ێکی زۆردابوون، کە سالانە بە حکومەتیان دەدا، وێڕای کرێی زەویە کشتوکاڵیەکانیان. بەو هۆیەوە بریتانییەکان، پشتیان بە بازرگانی (ئەفیۆن) بەست لەگەڵ (چین). بۆ ساخکردنەوەی ئەو بەرهەمە و بەدەستهێنانی قازانجێکی زۆر لەو بازرگانییە، چاندنی (ئەفیۆن) یان لە (هیند) بۆ خۆیان قۆرخکرد بە ئاشکرا و دەستیان کرد بە هەناردەکردنی بۆ (چین).لەم ڕێگەیەوە، بریتانییەکان، قازانجی زۆریان کرد، لەهەمان کات کاریان کرد بۆ دورووخاندنی دەروونی تاکی چینی، لە رێگەی بڵاوکردنەوەی کێشانی (ئەفیۆن) لە نێوانیاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان.

یەکەم کەشتیگەلی بریتانی لە کەشتیگەلەکانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی بریتانی کە بڕێکی زۆری (ئەفیۆن)ی بارکردبوو، لە ساڵی (١٧٩٢) گەیشتە کە ناراوەکانی (چین) کە بەنزیکەی (٢) هەزار سندوق بوو لە ساڵێکدا. دواتر وورده وورده ئەم بڕە زیادی کرد و گەیشتە (٤٠) هەزار سندوق لە ساڵی (١٨٣٨). کێشی هەر سندوقێک (١٦٠) رەتل بوو. بەو شێوەیە ئیستعماری بریتانی توانی ناوچەی هەژموونی فراوان لە ولاتی (چین) دروست بکات، بە تایبەتی دوای ئەوەی بینیان کە (چینییەکان) پێشوازییەکی فراوان دەکەن لە کێشانی (مادده بێهۆشکەرەکان). وەک هەولیک بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و لەبیرکردنی نارەحەتییەکانی ژیانیان.

حکومەتی (چین) هەستی بەو مەترسییە کرد کە بەهۆی بازرگانی (ئەفیۆن) رووبەڕووی بۆتەوە، لە ئەنجامی ئەو زیانە گەورانەی بە ئابووری (چین)ی گەیاند. بۆیە ئیمپراتۆری چین (لین-سی-سی) لە ساڵی (١٨٤٠) بڕیارێکی دەرکرد و تیایدا بازرگانیکردن بە (ئەفیۆن) و ئالوگۆڕپێکردن و کێشانی لە وڵات قەدەغەکرد.

پاشان بڕیارێکی دیکەی دەرکرد بۆ داخستنی قوتابخانە و پەیمانگە و دامەزراوە مژدەدەرییە ئاینییە ئەوروپییەکان. بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێکارانە، حکومەتی چینی دەستیگرت بەسەر کۆگاکانی (کانتۆن) و هەرچی (ئەفیۆن)ی تێدابوو هەمووی سوتاند.هاوکات جولانەوەیەکی بەرفراوانی دروستکرد، بۆ دژایەتیکردنی هەژموونی بریتانیا لە (کانتون) و (کانسی).

**<u>شـــەڕی ئەفیۆنی یەکەم:</u>**

بریتانیا ئەو ڕێکارانەی چینی وەک سەرپێچیکردنی بنەماکانی ئازادی بازرگانی سەیر کرد، ئەمەش وەک بیانووەک سوودی لێوەرگرت بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی (چین). ئەو شەڕە کە لەماوەی نێوان سالآنی (١٨٤٠-١٨٤٢) بەردەوام بوو، ناسراوە بە (شەڕی ئەفیۆنی یەکەم). لەم شەڕەدا بریتانیا کەشتیگەلیکی گەورەی سەربازی بەکارهێنا، سەرباری ئامادەکردنی سوپایەک لە چەتە دەریاییەکان. پاشان دەستیکرد بە بەرتیل بەخشین بە پیاوانی چینی لە گومرگ و بەندەر و کەناراوە ئاوییەکان ، بۆ ئەوەی بەشێوەی (قاچاغ) ئەو بەرهەمە بخاتە بازارەکانی چین لەهەموو شوێنیک، وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر ریکارەکانی ئیمپراتۆری چین.

ئیمپراتۆری چین ملکەچی ئەو دۆخە نەبوو، بەڵکو بەهێز ڕووبەڕووی بویەوە، بەجۆرێک هۆشداری توندی بە هەموو بازرگانە بیانییەکاندا لە (کانتون) بۆ ڕادەستکردنی ئەو برەی لەلایانە لە ماددەی (ئەفیۆن). بەڵام ئەوان وەڵامیان نەدایەوە، بۆیە لە ڕێگەی هێزەوە دەستیگرت بەسەر هەموو ئەو برە ئەفیۆنە کە لەلای بازرگانەکان بوو. هەمووی لە ئاهەنگێکی گەورەدا سوتاند لە ناوەراستی شاری (کانتۆن).

بریتانییەکان وەڵامی ئەو هەلویستەی ئیمپراتۆری (چین)یان دایەوە، بە هێرشکردنە سەر شاری (کانتون) و ئابلوقەدانی شارەکە بۆ ماوەی دوو سال. بەو هۆیەوە بەرگری چێنییەکان داڕما و شارەکە کەوتە دەستی بریتانییەکان. بەو هۆیەوە دەسەلاتی (چین) ناچاربوون لە ساڵی (١٨٤٢) ڕێککەوتنامەیەکی سەرشۆرکەرانە و تەسلیم بوون لەگەڵ بریتانییەکان واژووبکەن، کە تیایدا ئەم خالآنەی لەخۆگرتبوو:

1 - چین دەست هەڵدەگرێ لە دوورگەی (هۆنک کۆنگ) بۆ بریتانیا.
2 - چین (٦) بەندەری سەرەکی خۆی بە ڕووی بازراگانی بریتانییەکان دەکاتەوە.

3 - چین قەرەبووی ئەو زیانانە دەکاتەوە کە بە بازرگانە بریتانییەکان کەوت، بەهۆی شەڕی ئەفیۆن.

4 - چین اعتراف دەکات بە شەرعیەتی هاوردەکردنی مادەی (ئەفیۆن).

5 - بریتانییەکان لە (چین) خاوەنی دۆخێکی تایبەت دەبن و ناچنە بەردەم دادگاکانی چین و لەسەر هیچ رەفتارێک لێپێچینەوەیان نابێ لەگەڵ بکرێ.

بەم جۆرە بازرگانی (ئەفیۆن) لە (چین) زیادی کرد، بەشێوەیەک ئەو برەی چین لەو ماددەیە هاوردەی دەکرد، گەیشتە (٥٢) هەزار سندوق لە ساڵی (١٨٥٠) و دواتر ژمارەکە بەرزبویەوە تا گەیشتە(٨٠) هەزار سندوق لە ساڵی (١٨٥٣).

ئەم رێککەوتنە ناچارییەی (چین)، ڕێگەی لەبەردەم هێزە ئیستعمارییەکانی دیکە کردەوە، بۆ ئەوەی پەیماننامەی هاوشێوەی ناهاوسەنگ لەگەڵ (چین) ئەنجام بدەن، لە مانەش ( یابان، روسیا، ئەمریکا).

ئەمریکاییەکان تەنها بە بازرگانی نەوەستان، بەڵکو چەندین کارگەی پیشەسازییان لە (چین) دامەزراند و هەندێ پیشەسازییان قۆرخکرد. ئەمەش وایکرد، کرێکارانی چینی رووبکەنە ئەو کارگە ئەمریکیانە، کە خاوەنی سەرمایەکی بیانی بوون و بەکرێیەکی کەم کاری تێدا بکەن.

لە لایەکی دیکە، هەندێ لە سەرمایەدارە بیانییەکان، پشکیان بە خاوەنی سەرمایەکانی (چین)ی دا و کردیانە هاوبەش لەگەڵ خۆیان. بەو هۆیەوە چینێکی نوێی پیاوانی خاوەن کار و پێشەسازی لە نێو کۆمەڵگەی چینی دەرکەوتن و بوونە هەوێنی دەرکەوتنی چینێکی نوێ لە سەرمایەدارانی چینی. سەرباری دەرکەوتنی پیکهاتەیەکی نوێی گەورەی کرێکارانی زەحمەتکێش لەناو کۆمەڵگەی چینی.

**شەڕی (ئەفیۆن)ی دووەم و فراوانبوونی هەژموونی ئیستعماری**

بریتانییەکان ڕووداوی دەستبەسەرداگرتنی یەکێک لە کەشتیگەلە دەریاییەکانی خۆیان، کە بڕێکی زۆری (ئەفیۆن)ی بارکردبوو، لەلایەن دەستەیەکی نیشتمانپەروەری (چین)ی، کردە بیانوو، بۆ ڕاگەیاندنی شەڕی دووەم لەدژی (چین)، بەیارمەتی وڵاتانی دیکەی ئیستعماری کە ناسراوە بە (شەڕی ئەفیۆنی دووەم)، کە ماوەی (٤) ساڵان بەردەوام بوو (١٨٥٧-١٨٦٠). ئەو شەڕە هاوسەنگ نەبوو لە نیوان هەردوولا، بۆیە (چین) دوای شکستهێنانی لە شەڕەکەدا، ناچاربوو ڕێککەوتنامەیەکی ئاشتی لەگەڵ بریتانیا و فەرەنسا و پاشان ئەمریکا مۆربکات. لەدوای ئەم ڕێککەوتنە، هەموو بەربەستەکانی بەردەم وڵاتە ئیستعمارییەکان لە (چین) هەڵگیرا. بۆیە پرۆسەی هاتنەناوەوەی فراوانی بەرژەوەندییەکانی ئیستعماری بریتانی و فەرەنسی و روسی و یابانی و ئەمریکی و پورتوگالی دەستی پێکرد. ئەمەش وایکرد چین ببێتە سەکۆیەک بۆ تالانکاری و سود لیوەرگرتنی بەهەموو شێوەکانی.

**دووەم: داگیرکردنی چین لەلایەن یابان و ئەلمانیا**

یابان لە کۆتایی سەدەی (١٩)، گەیشتە ریزی هێزە کاریگەرەکانی جیهان. پیشەسازییەکەی زۆر پێشکەوت، بەرهەم و کاڵا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. بەدوای بازار دەگەڕا بۆ ساخکردنەوەیان. بۆیە دەستیکرد بە پیادەکردنی سیاسەتێکی ئیستعماری فراوانخوازی، ئەمەش وایکرد بە ریەککەوتنی بۆ دورست بکات لەگەڵ (چین) لەبارەی (کۆریا)، دوای ئەوەی لە ساڵی (١٨٩٠) داگیری کرد و کردیە ناوچەیەک سەر بە وڵاتەکەی.

لەم شەڕەی کە لەنێوان (یابان) و (چین) ڕوویدا لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٨٩٤-١٨٩٥)، یابانییەکان توانیان گورزێکی کوشندەی بەهێز لە (چینییەکان) بوەشێنن، کە لە ئەنجامدا چەند ناوچەیەکی فراوانیان لە ڕۆژهەڵاتی چین داگیرکرد و چەندین بەندەری چینی کەوتنە ژێر دەست و بوونە ناوچەی هەژموونی یابانی. لە مانەش

چوار بەندەری سەرەکی چین بوون ، کە یەکێکیان (تایوان) بوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هێزە ئیستعمارییە ئەوروپیەکانی بەرژەوەندیان لە (چین) هەبوو، هۆشداری بە یابان بدەن وەک (بریتانیا، فەرەنسا، ئەلمانیا) بە هاوبەشی، داوا بکەن، یابان زیاتر لە (تایوان) پەلکیشی نەکات بۆ داگیرکردنی ناوچەی دیکە و لەناوچەکانی دیکە بکشێتەوە.

بەو شێوەیە (چین) لەم سالانەدا، تەنها رووبەڕووی داگیرکاری (یابان) نەبویەوە، بەڵکو لە ساڵی (١٨٩٧) ئەلمانیاش هێرشی کردەسەر (چین) و دەستیگرت بەسەر ناوچەی (شـــاندون) و خستیە ژێر هەژموونی خۆی.